ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی کوردی/بەیانیان

زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# (میکانیزمی کارکردنی مێشک له کاتی فێربوونی زمانێکی نوێدا)

لێکۆڵینەوەیەکی دەرچوونە
پێشکەشی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی/بەشی زمانی کوردی/بەیانیان/کراوە، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس

ئامادەکراوە لەلایەن:

احمد وریا ئارام ـــ عبدالمجید عبید ماردین

بەسەرپەرشتی:
م.ی.بێری یاسین حسین

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم<br>(چەند بابەتێکی پەیوەست بە زمان بەگشتی و وەرگرتنی زمانی یەکەم و فێربوونی زمانی دووەم بەتایبەتی) | ٣ |
| سەرەتا | ٣ |
| چەمک و پێناسەی زمان | ٤ |
| زمانی یەکەم | |
| زمانی دووەم | |
| وەرگرتنی زمان | |
| فێربوونی زمان | |
| جووت زمانی و فرەزمانی | |
| | |
| بەشی دووەم<br>(چەند بابەتێکی پەیوەست بە مەڵبەندی زمان لەمیشک و پەیوەندی فێربوونی زیاتر لەزمانێک بە پرۆسە زانستییەکان بەگشتی) | |
| ٢-١.مەڵبەندی زمان لەمیشک<br>ناوچەی برۆکا<br>ناوچەی ڤێرنیکا | |
| ٢-٢.رۆڵی کۆئەندامی دەمار لە پرۆسەی ئاخاوتن و بیستندا | |
| ٢-٣. کاریگەری فێربوونی زیاتر لە زمانێک لەسەر مێشکی مرۆڤ | |
| ٢-٤. فەرهەنگی مێشک | |
| ٢-٥.تیۆرەکانی گەنجینەکردنی یەکە زمانییەکان لە فەرهەنگی مێشکدا | |
| ٢-٦.میکانیزمی فێربوونی زمانی دووەم | |
| ٢-٧.هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر فێربوونی زمانی دووەم | |
| ٢-٨.کاریگەری تەمەن لەسەر فێربوونی زمانیکی نوێ | |
| بەشی سێیەم:<br>(پەیوەندی فێربوونی زمانی دووەم بە پرۆسە گشتییەکانی مێشک بەگشتی و پرۆسە بیرکاری و زانستییەکان بە تایبەتی) | |

| | |
|---|---|
| ٣-١.سوودەکانی فیربوونی  زمانێکی نوێ لەسەر میکانیزمی کارکردنی مێشک بە گشتی | |
| ٣-٢. گەنجینەکردنی یەکە زمانییەکان لەفەرهەنگی مێشک | |
| ٣-٣. پەیوەندی فێربوونی زمانی دووەم بە پرۆسەی بیرچوونەوە | |
| ٣-٤.کاریگەری فیربوونی زمانی دووەم لەسەر شیکارکردنی  پرۆسە زانستی و بیرکارییەکاندا | |
| ئەنجام | |
| لیستی سەرچاوەکان | |

## پێشـــەکی :

ئەوەی دەربارەی زمانی یەکەم و فێربوونی زمان و وەرگرتنی زمان نووسراوە لەزمانی کوردیدا بابەتی زۆر و هەمەچەشنن و دەکرێ بڵێین بابەتی فێربوونی زمان و وەرگرتنی زمان بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی لەکتێبخانەی کوردی داگیرکردووە، بەڵام ئەوەی زیاتر لەم توێژینەوەیەدا مەبەستە لە لایەکەوە ئاماژە بەوە بدەین، کە تێکەڵییەکی زۆر لە بەکارهێنانی زاراوەی وەرگرتنی زمان و فێربوونی زماندا هەیە و جیانەکردنەوەی چەمکی وەرگرتن، کە تایبەتە بە زمانی یەکەم و زاراوەی فێربوون، کە تایبەتە بە زمانی دووەم لە لایەک و لەلایەکیترەوە تێکەڵکردنی ڕێگاکانی ئەو زاراوانەی پەیوەستن بە زمانی یەکەم و جووت زمانی و تاک زمانی و ئەو بابەتانەی بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستن بە زمان وەرگرتن و کاریگەری فێربوونی زیاتر لە زمانێک لەسەر میشک بە گشتی و چالاکییە زمانییەکان بە تایبەتی.

بەشیوەیەکی سەرەکی ئەوەی لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدرێت بخریتە ڕوو سەرەتا لەبەشی یەکەم بەچەند بابەتێک هەوڵ دەدرێت چەمک و و پیناسەی زمان بە گشتی و زمانی یەکەم و زمانی دووەم بە تایبەتی بخرێتە ڕوو لەگەڵ ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە فێربوونی و وەرگرتنی زمان بەگشتی و دیاردەی جووت زمانی فرەزمانی بەتایبەتی باس بکریت، لەبەشی دووەم باس لەو بابەتانە دەکرێت، کە پەیوەستن بە مەلبەندی زمان لە مێشک و میکانیزمی کارکردنی ئەو بەشانەی لە مێشک تایبەتن بە زمان وەرگرتن و فێربوونی زیاتر لە زمانێک، لەبەشی سێیەمیش ئەو بابەتانە خراونەتە ڕوو، کە پەیوەستن بە کاریگەری فێربوونی زیاتر لە زمانێک لەسەر پرۆسە زانستی و ژیرییەکانی کەسەکان و ئەو پەیوەندییە بەتینەی لەنێوان فێربوونی زیاتر لەزمانێک و هاوکێشە بیرکارییەکان لە ئارادان.

ئامانجی لێکۆڵینـەوە: ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی پەیوەندی فێربوونی زیاتر لەزمانێکە لەسەر میکانیزمی کارکردنی مێشک بە گشتی و ئەو پرۆسانەی پەیوەستن بە کردە دەمارییەکان و پرۆسە بیرکاری و ژیربێژییەکان بە تایبەتی.

هۆکـاری هەڵبـژاردنی ئەم بابەتە: هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بابەتەکە و بایەخی سەردەمییانە، بە تایبەت لە ڕۆژگاری ئێستادا، کە فێربوونی زیاتر لە زمانیک بوەتە پێویستی وەک لەوەی تەنها حەزێک بێت.

ڕێـبازی لێکۆڵـینەوە: ڕێبازی وەسفییە.

گرفـتی توێـژینەوە: گرفتی توێژینەوەکە لە ناونیشانەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ هەر کات باس لە فیربوونی زیاتر لە زمانیک دەکریت، گرفتەکانی بەردەم فیربوون و جۆری فێربوون و توانای کەسەکە بۆ فێربوون و ئاستەنگییەکانی فێربوون و کاریگەری زمانی دووەم لەسەر مێشک بەگشتی دەبنە بابەتی سەرەکی لەو نێوەندەدا.

سـنووری توێژیـنەوە:

لە سنووری زمانی کوردی و زاری کرمانجی ناوەڕاستدایە.

# بەشی یەکەم

# بەشی یەکەم

## (چەند بابەتێکی پەیوەست بە زمان بەگشتی و وەرگرتنی زمانی یەکەم و فێربوونی زمانی دووەم بەتایبەتی)

### ١-١. سەرەتا:

زمان کۆمەڵە دەنگ و بێژەیەک و پێک هاتەیەکە کە مرۆڤ بۆ مەبەستە جیاوازەکانی خۆی بە کاری دێنێ ، باشترین و گرینگترین ڕێگای پەیوندی کردنە لە نێوان مرۆڤەکان کە تایبەتە بە مرۆڤ ، مرۆڤ لە ڕێگەی زمان زیاتر لە هەر ڕێگەیەکی تر گوزارشت لە بیرو ڕاو بۆچون و دەربڕینی هەست و سۆزی خۆی دەکات ، زمان گرینگی زۆری هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتی ،مرۆڤ پێویستی بە زمانە بۆ ئاڵوگۆر کردنی بیرو ڕاکانی و گواستنەوی کلتور و دەستور و زمانی نەتەوەی خۆی نەتەوەکانی تر، جگە لە زمان چەند ڕێگایەکی تر هەن بۆ دەربڕین وەک(وێنە، ئاماژە ، مۆسیقا ، گۆرانی، نەخش،....هتد) بەڵام هیچ یەکیان نەیان توانیوە شوێنی زمان بگرنەوە و وەک زمان گرینگ بن ، ئەم دیاردەش بەشێکی کردەی خودایە و بە مرۆڤی بەخشیوە وەک خودا دەفەرمووێ(خلق الانسان علمهُ البان) بەشێکی تری لەگەڵ بەرەوپێش چوونی مرۆڤایەتی هاتۆتە ئاراوە و فراوان بووە.

زمان کۆمەڵێک ئەرکی هەیەو لە بواری جیا جیا بەکاردێ و گرنگی هەیە،وەک (ئەرکی کۆمەڵایەتی ، ئەرکی هزری ، ئەرکی دەروونی ....هتد)لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە زمان پەیوەندیەکی بە هێزی بە بیر(هزر)ەوە هیە مرۆڤ پێویستی بە زمان هەیە تا گوزارشت لە هزری خۆی بکات، وەک زانایانی لۆژیک بە(زانستی قانونەکانی لۆژیک) پێناسەی دەکەن.چونکە زمان هۆکارە بۆ گەشە کردنی بیر ، هەر زمانە بیری منداڵ بەو وشانە گەورە دەکات کە واتایان هەیە.

## ١-٢.پێناسەی زمان:

زمانەوانان دەربارەی پێناسەی زمانەوە کۆمەڵێک بیرورای جیاوازیان هەیە کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زمان چەندین پێناسەی جیاوازی هەبێ بە جۆرێک هەر یەک لەو پێناسانە لە ڕوانگەی تایبەتیەوە لە زمانیان کۆڵیوەتەوە. وەک

١-چۆمسکی دەڵێت(کۆمەڵە ڕستەیەکە کە ڕێزمان دەریان دەکات)(نەرمان خۆشناو١٣:٢٠١٤)

٢-(زمان پیرەویکی دەنگیە بۆ لە یەکتر گەیشتن،بەکاردێت بەهۆی ڕستەی وتن و بیستنەوە لە کۆمەڵێکی دیاری کراودا کاردەکات ، دەنگەکان ڕەمزن و واتا لە خۆ دەگرێت.)(محمد معروف فەتاح١١:٢٠١١)

٣-هۆل دەڵێت(زمان فەرمانگەیەکە خۆی بەڕێوە بردنی خۆی لە دەست خۆی دایە لە ڕێی فەرمانگەکەوە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتری کار دەکەن و لەیەکتر دەگەن.)(محمد مەحوی ٢٠٠١لا١١)

٤-کارۆل دەڵێت(زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لە خۆوەیە کە دەتوانرێ بەکار بێت بۆ لە یەکتر گەیشتن و پۆلێنکردنی شت و ڕووداوەکانی دەورووبەر.)(محمد معروف فەتاح٢٠١١لا١١)

٥-ساپیر دەڵێت(زمان هۆیەکی نا غەریزی تایبەتە بە مرۆڤ ، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بە کار دێت، بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو کاردەکات و لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤ دایە.)(محمد مەحوی ٢٠٠١لا١١)

٦-(زمان سیستەمی پەیوەندی کردنە لە نێوان دوو لا.)(نەریمان خۆشناو٢٠١٤لا١٤)

٧-(زمان سیستەمێکە بۆ ئاڵوگۆر کردنی هەست و بیرەکان لە نێوان خەڵکدا بەکار دێت.)(نەرمان خۆشناو٢٠١٤لا١٤)

٨-هنری سویت دەڵێت (زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لە ڕێگەی دەنگەوە،کە لە وشە پێک دێت.)(حاتم صالح١٩٨٩لا١٣٢)

٩-ئۆڵمان دەڵێت(سیستەمێکی هێمای دەنگییە،لە بیری کەسی کۆمەڵ تۆمار کراوە.)(نەریمان خۆشناو٢٠١٤لا١٤)

هەموو ئەو پێناسانە ئەوە دەردەخات کە زمان گرینگیً زۆری هەیە لە ژیانی مرۆڤدا و تاکە ئامرازی کاریگەر و بەردەوامە لە پەیوەندیکردنی نیوان تاکەکان لە کۆمە ڵگادا هەر زمانیشە هۆکاری گواستنەوەی شارستانیەت و پاراستنی کەلتور و کەلەپوری نەتەوەکان و برەودان بە زانستن و دەستخستنی زانیاریش هەر لە ریگەی زمانەوەیە، بۆیە دەکری بلیین جۆراوجۆری ئەو پیناسانەی بۆ زمان کراون دەگەریتەوە بۆ هەموو ئەو ئەرک و بایەخەی زمان هەیەتی لە ژیانی یەکە بەیەکەی تاکەکانی ناو کۆمەلگای مرۆڤایەتی.

## زمانی یەکەم:

زمانی یەکەم ئەو زمانەیە، کە بە زمانی دایک ناسراوە و ئەو زمانەیە، کە مندال لە سەرەتای لە دایک بوونییەوە توانستە زمانییەکەی پی چالاک دەبێت و بە زمانی یەکەم دادەنرێت لە چالاککردنی ئەو توانستە و دواتر هەر زمانێکیتر فیر ببێت ئەوە بە زمانی دووەم هەژمار دەکریت و لەسەر بنیاتی زمانی یەکەم لە مەلبەندی زمان لەمیشکدا گەنجینە دەکرێت.
ئەو پێناسانەی بۆ زمانی یەکەم کراون زۆرن لەخوارەوە چەند دانەیەکیان دەخەینە روو:
( ئەو زمانەیە کە مندالّ لە دایک و باوکییەوە وەریدەگرێت پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە)( نەریمان عبدولا خۆشناو٢٠١٤لا٣٧)

## زمانی دووەم:

مرۆڤ جگە لە زمانی دایک کە زمانی یەکەمە زۆرجار هەولّ دەدات فێری زمانێکی تر بێت جگە لە زمانی دایک ، وەک (زمانی عەرەبی یاخود زمانی ئینگلیزی....هتد)هەندێک جار بەهۆی پێویستی هەندێ جار بەهۆی ئارەزوو کردنەوە یاخود هەر هۆکارێکی ترِ بێ ،بەتایبەت لە سەردەمی ئێستا دا فێربوونی زمانێکی تر جگە لە زمانی دایک بۆتە کارێکی  پێویست،ئەو زمانەشی کە لە دوای زمانی یەکەم فێر دەبین زمانی دووەمە،وەک لەم پێناسەیەدا هاتووە: (زمانی دووەم ئەو زمانەیە مندالّ پاش فێربوونی زمانی یەکەم فێری دەبێت. سەرچاوەی فێربوونی ئەم زمانەش یان مالّ یاخود کۆمەلّگایە ، ئەم زمانە سەرەتا مندالّ فێری دەبێت ، پاشان بۆی دەردەکەوێت کە لە دەرەوەش بەکار دەهێنرێت ، بۆ نمونە مرۆڤێکی چینێی زمانەکەی لە سەرەتاوە هەر چینییە ، بەلاّم گەر کۆچ بکات بۆ ئەمەریکا و فێری زمانی ئینگلیزی ببێت ، ئەوە زمانی دووەمی بۆ پەیدا دەبێت، کە ئینگلیزیەکەیە، چونکە ئەم زمانی دووەمە لە ژیانی رِۆژانەیدا بە کار دەهێرێت )( نەریمان عبدولا خۆشناو٢٠١٤لا٣٧ )

## وەرگرتنی زمان :

وەرگرتنی زمان لای مرۆڤ هەر لە قۆناغی لە دایک بوونەوە دەست پێ دەکات کە بە هاوارکردن دەست پێ دەکات لەو کاتەوەی منداڵ لە دایک دەبێت و لەگەڵ ئەم دونیا تازەیە بەر یەک کەوتن دروست دەکات کە بە چەندین قۆناغی تردا دەڕوات تا دەگاتە قۆناغی ڕستە دروست کرد کە زیاتر لە دوای تەمەنی دوو ساڵی دەبێ.
(پرسیارێک هەیە هەمیشە لە هزرمان دەگوزەرێت،ئەویش ئەوەیە لە کوێوەی مێشک توانست لای قسەکەرانی زمان دروست دەبێت؟وەڵامی ئەم پرسیارە وا پێویست دەکات لە دوای بابەتێکی گرینگدا بگەڕێین کە لە وەرگرتنی زماندا بەر جەستە دەبێت، کە ئەم باسە چۆمسکی گرینگیەکی زۆری پێ داوە،هەموو منداڵێک کە تەندروستی باش بێت،ئەوا توانەیەکی زگ ماکی بۆ فێربوونی قسە کردن هەییە،ئەم فێربوونەش لە لەدایک بوونەوە دەست پێ دەکات و بە بەکار هێنانی ئەندامانی درکاندن، توانای دەنگ دەرکردنی زۆرتر دەبێت، پاشانیش توانای ئاوێتە کردنی دوو دەنگ بە یەکەوە لەلای منداڵ پەیدا دەبێت بۆ دروست کردنی برگەیەکی وەکو(دایکە و باوکە) ئەم قۆناغەش لە ڕاستیدا پێشەکیەکە بۆ قۆناغی دواتر ، توانای وتنەوەی وشەکانی لە لا زیاتر دەبێت ، کە بۆ قوتابخانەکەی دوای هەنگاو دەنێت کە لە پێک هێنانی دوو وشەوە دەست پێ دەکات ، لەم حاڵەتە دا ئەو خێراییەی بۆ وەرگرتن بە دەستی دەهێنێت ، بە توانایەکی لە ڕادە بەدەر هەژمار دەکرێت ، چونکە تێبینی ئەوە کراوە منداڵ لە نێوانی ساڵانی دووەم و پێنجەمی تەمەنیدا دەتوانێ لە یادگای خۆیدا کۆمەڵە یاسایەکی ڕێزمانی خەزن بکات ، کە توانای دروست کردنی ڕستەو دەربڕینی تازەی پێ ببەخشن ، کە پێشتر نەیبیستووە بە هەمان شێوەش تێگەشتنی ئەو ڕستە تازانەی بۆ یەکەم جارگوێی لێیان دەبێت ، وەرگرتنی زمان لە لایەن منداڵەوە لە قۆناغێکی دیاری کراودا ڕاناوەستێت ، بەڵام لە سەرەتای ساڵەکانی تەمەنیدا خێراتر زمان فێر دەبێت ، پاشان لە تەمەنی خوێندنیدا دەگەڕێتەوە سەر حاڵەتە ئاساییەکەی خۆی.(چۆمسکی)یەکێک لە بیرۆکەکانی ڕەت کردەوە سەبارەت بە وەرگرتنی زمان کە دەڵی:وەرگرتنی زمانی دایک و باوک لە لایەن منداڵ تەنها لاسای کردنەوەیە ، چونکە ئەگەر ئەمە وابێت ، دەبوایە منداڵ تەنها ئەو شتانە فێر بێت ، کە گوێی لێیان دەبێت ، کە ئەمەش بێگومان بۆچونێکی هەڵەیە.)(ئیبراهیم خەلیل وەرگێران نەریمان عبدوڵلا خۆشناو٢٠١٦لا٧٣)
پرۆسەی وەرگرتنی زمان لە لای منداڵ پرۆسەیەکی فێربوونە،لە ناو تیۆری فێربووندا جێی دەبێتەوە، لە ڕوی ڕەوشتکارییە شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەوشت کاری مرۆڤ ، لەبەر ئەوە دان نانێین بەوەی هەمە جۆری یان جودای لە نێوان فێربوونی زمان و فێربوونی هەر چالاکیەکی ڕەوشتی دیدا هەبێت ، ڕەوشتکارخوازەکان پشت بە بنەمای گشتاندن دەبەستن ، بۆ شرۆڤەکردنی و بەکار هێنانی وشەو لێک دانیان لە لایان منداڵەوە.) (ئاڕاستەکانی زمانەوانی نوێ لە سۆسێرەوە تا چۆمسکی٢٠١٦لا١٩٣)

## فێربوونی زمان:

وەک لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێدا پرۆسەی فێربوونی زمان، کە بریتییە لە فێربوونی زمانێکیتر، جگە لە زمانی دایک فێری زمانی میللەتان و نەتەوەیتر دەبێت، جا چ بەهۆکاری پێویستی بێت یان ئارەزوو بۆ فیربوونی ئەو زمانە، هەرچی زمانی یەکەمە وەک ئاماژەمان پێدا، (لە ئە نجامی ژیان لە ناو کۆمەڵداو تێکەڵاوبوون بە تاکە کانی، منداڵ فێری زمانی گەل و نەتەوەکە ی دەبێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ووشەکانی زیاتر دەبێت و شارەزایی دەربارە ی ڕێزمان و پێکهاتووەکانی زمان پە یدا دە کات. زۆر  بە ڵگەی زیندووش هەیە، ئەو راستیە دەسەلمێنن کە گفتوگۆو قسەکردن لەگەڵ  منداڵ خێراتر فێری زمانی دەکات لە وەی تە نها هەر گوێبیستی زمان ببێت و ئەو بەشداری تێدا نەکات.مشت و مڕو بگرە و بەردەیەکی زۆر لە نێوان زاناکاندا هە یە دەربارەی چۆنیەتی فێربوونی زمان لە لایە ن منداڵەوە، هەر  زاناو قوتابخانەیەکی دەروونی بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە لەو بارەیەوە،  بەڵام تاوەکو ئێستا یەک لا نەبۆتەوە و هیچ زاناو قوتابخانەیەکی دە روونی نەیتوانیوە بەسەرکەوتوانە چۆنیە تی فیربوونی زمان لێک بداتە وە و شارەزای هە موو لایەنە جیاجیاکانی ببێت)(کەریم شەریف قەرەچەتانی لا١٥٩)

## فرەزمانی و جووت زمانی:

جووت زمانی، بابەتێکی نوێیە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی خوێندندا.بە قسەکردنی کەسێک دەگوترێت کە ئەو زمانەی قسەی پێ دەکات زمانی ڕەسەن (زمانی یەکەم)خۆی نەبێت بەڵکو فێری زمانێکی تر بووە وەک(زمانە بیانییەکان ) واتا زیاتر لە زمانێک  دەزانێت، ئەم بابەتە لە زانستی زماندا بەیەکێک لە بنەماکانی داخورانی زمانی دایک پەسنکراوە، بۆیە دەبێ زانستیانە لە هەستیارییو مەترسی ئەم بابەتە لەسەر ئاستی پەروەردەو فێرکردن زیانی بۆ هەموو لایەک ڕوونبکرێتەوە.

ئەوەی کە جێگەی داخە ئەوەیە کە تائێستا چەمکەکانی زمانی فێرکردن، زمانی خوێندنو فێرکردنی زمان، خوێندنی زمان "زمان، وەک خۆی بە دروستی جێبەجێنەکردووە" تێکەڵاونەکراون ، هەروەها بوونی لەگەڵ بۆ فرە زمانی و زمانی هاوبەش لە چوارچێوەی ئەم پرۆسەیە لەهەمان کاتدا ڕووێکی تری زمانی دووەم ئەوەیە کە بەردەوام لە کێبڕکێ دایە یەکێک لەو زمانە دووەمانە دەرئەنجامی خۆی بەسەر ئەوانی دیدا دەسەپێنێ ئەویش بەهۆی یاسای پەڕاوێزخراوی پەروەردە و قۆناغەکانی گەشەسەندنی منداڵ.

(فرە زمانی و فێر بوونی دوو زمانی فرە و هەمەجۆرە،زۆر لە زمانەوانان بەو شێوازە بە کاریان هێناوە کە شارەزا بوونە لە سیستەمی زمانێکی تر جگە لە زمانی (زگماک)، فێربوونی زمانی دووەم یاخود زمانێکی تر جگە لە زمانی دایک بە چەند شێوازێک و چەند هۆکارێک کەسەکان فێری

دەبن،هەروەها پێوەستە لەگەڵ فێربوونی زمانی دووەم سیستەم و یاساکانی ئەو زمانە لەگەڵی فێر بێت، چونکە زمان بەبێ شارەزابوون لە سیستەم بە ڕێکی بە کار نایەت و بایەخی نابێت، یەکێک لە ڕێچکەکان وەک:(دووانەی زمانی هاوبەش)ئەمەش لەو کاتەدا دێتە بەرهەم کە منداڵ هەردوو سیستەمی زمانی بە شێوەیەکی سروشتی لە دایک و باوکی فێردەبێت ، جۆرێکی تری ئەو جۆرەیە کە بە(دووانەی زمانەوانی هاریکار)ناوزدە دەکرێت ئەم جۆرەش لە کاتێک دا پەیدا دەبێت کەسێک فێری دوو سیستەمی زمانەوانی جیاواز دەبێت بە هۆی چەند بارو دۆخێکی جیاواز ، وەک کۆچ پی کردنی منداڵ لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە ئەڵمانیاوە بۆ ئەمریکا.

فێربوونی زمانێکی تر یان زیاتر جگە لە زمانی دایک چەند هۆکارێک پاڵ نەرێکی هەییە ، بە کورتی بە هێزترین هۆکار و پاڵنەرەکانی فێربوونی زمان ، نیاز مەندیە بە خودی ئەو زمانە ، جا بە پێی زرورەت و پێداویستی و مامەڵە کردن بەو زمانە و گەیشتن بە ئاکامی فێربوونی زمانەکە دێتە دی.)(سەلام ناوخۆش و نەریمان عبدوالا خۆشناو٢٠١٩لا٣٩٤-٣٩٥).

## :کاریگەری  تەمەن لەسەر فێربوونی زمانێکی نوێ

تە مەن ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە فێربوونی زمان دا و هەروەها کاریگەری درێژ خایەنیشی هەیە لە سەر زمانی یەکەم و زمانی دووەم کە زمانەوانان بۆچونی جیاوازیان سەنبارەت بە تەمەن پەیوەندی بە پڕۆسەی فێربوونی زمانێکی تر جگە کە زمانی دایک.
(لێکولینەوەی زانستی دوو وەڵامی دژاو دژ سەبارەت بە تەمەنی گونجاو بۆ فێربوونی زمانێکی تر یاخود زمانی بیانی پێشکەش دەکات یەکێ لەو وەلامانە کە لە گەڵ بۆچونی باودا گونجاوە کە دەڵێ:(فێربوونی زمانی بیانی لە تەمەنێکی بچوکدا فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ سەر کەوتنی پڕۆسەی فێربوونەکە ، بەلام توێژینەوەکانی تر پاڵپشتی بیرو بۆچوونە کانی ترن و دەڵێن کە مرۆڤ توانای فێربوونی زمانی بیانی لەتەمەنی پاش منداڵیەوە هەیە ، جا خاوەنی ئەو توێژینەوانە پێیان وایە کە نهێنی سەر کەوتنی منداڵ بۆ ئەزبەرکردنی زمانی دووەم بە پلە یەک لە توخمی کاراکردندا حەشار نەدراوە ، منداڵ کە زمانی دووەم فێر دەبێت لەبەر ئەوەیە کە هەزارەها دەمژمێر لە مومارەسەکردنی زمانەکە بەسەر دەبات لەسر ڕێچکەی کۆمەڵگایەکی خاوەن زمانێکی دووانەی یان لەسەر سکەی باری دووانەی هەردوو دایک و باوک گوزەردەکات. بەلام کەسێکی تەمەن گەورە نزیکەی (٣٠٠)دەمژمێر کۆشش و هەولێ بێ وێنە لە بوارە فەرمیەکانی قوتابخانەدا دەخاتە گەڕوو داماوانە بە ماوەی دوو ساڵی ڕەبەق بەردەوام دەبێت و دەرئەنجام هەر نوشست دێنێت لە فێربوونی زمانی دووەم و بۆیە پڕۆسەی فێربوونەکەی بۆ تەمەنێکی دوورو درێژ دوادەکەوێت.
تەمەنی گونجاو بۆ فیربوونی زمانێکی تر جگە لە زمانی دایک(زمانی بیانی)لە ڕوانگەی منداڵەکەوە سەرەتای تەمەنیەتی ، بەلام لە ڕوانگەی مامۆستاکەوە چەندەها هۆکاری جۆراو جۆر هەن کە پاڵی پێوەدەنێت بۆ باشتر زانینی تەمەنی درێژتر بۆ فێربوونی زمان ، هەندێک لە مەڕ بابەتی زیرەکی پاڵپشتی ئەم بۆ چوونە دەکەن کاتێک کە تۆمار دەکەن کە (٢٠٪)لە ساڵی یەکەمدا بەرەو پێش دەچێت و (٥٠٪)ش لەگەڵ ساڵی چوارەم (٨٠٪)ش لەگەڵ شاڵی هەشتەم و ڕێژەی (٩٢٪) لەگەڵ ساڵی سێزدەدا ، بەلام سەبارەت بە توانای عەقلیەکان (بلۆم)پێی وایە کە مرۆڤ لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا پێنج تواناکانی منداڵی یەک ساڵەی هەیە .
هەرەوەها (Diller)لەم بارەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە تەمەنی نمونەی بۆ فێربوونی زمانێکی دیکە تەمەنی ئەو کەسە بالغەیە کە پاڵنەرێکی بە هێزی هەیە بۆ فێربوونی زمانێکی نوێ ، ئەگەر مامۆستایەکی باشی بۆ بڕەخسێنی دەبێتە باشترین فێرخوازی زمانێکی تر جگە لە زمانی دایک ، بەلام بەدەر لە بەشە دەنگیەکان.)(سەلام ناوخۆش و نەریمان عبدولا خۆشناو٢٠٠٩لا٣٩٦-٣٩٧-٣٩٨ )

## سوودەکانی فێربوونی زمانێکی نوێ لە سەر میکانیزمی کارکردنی مێشک بە گشتی:

سوودەکانی فێربوونی زمان زۆرن کە تەنها لە دەست کەوتنی کار و توانای بەستنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی بیانی خۆیان نابیننەوە، بەڵکو بە پێی توێژینەوەکان فێربوونی زمانێکی نوێ جگە لە زمانی دایک، دەبێتە هۆی گەشەسەندنی تواناکانی مێشک ، بەو پێیەی کە کەسانی فێربووی چەند زمانێک بەهۆی ئەوەی مێشکی زیاتر کارایە دەتوانێت لە کەسانی تر زووتر فێری زمانێکی تر بێت ، بەهۆی توانای بەیەکەوە بەستنی وشەکان و ڕێک خستنی ڕستەکانەوە ، هەروها توانای توانای تەرکیزکردنی زیاتریان هەیە بە بەراورد بەو کەسانەی کە فیربووی تەنها یەک زمانن ، هەروەها لەم بارەوە توێژینەوەیەک لە گۆڤاری(cognition)دا بڵاو کراوەتەوە باس لەوە دەکات کە ئەو منداڵانەی کە بە زمانی جیاواز قسە دەکەن ، ئاستی سەرنجدانیان بەرزە بۆ چەند شتێک لە یەک کاتدا ، هەروەها فێربوونێ زمان دەبێتە هۆی زیاد بوونی توانای پەیبردن لە بوارە جیاجیاکاندا هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە ئەو مادده خۆڵە مێشییەی لە مێشک دایە بەرپرسە لە هەڵگرتنی زانیاری لە یادگەدا چڕ ترە لە ناو مێشکی ئەو کەسانەی کە چەند زمانێکی جیاواز دەزانن بە بەراورد بەو کەسانەی کە تەنها زمانی دایک دەزانن ، هەر چەندە زمان نابێتە هۆی زیاد بوونی زیرەکی تاک لە ڕووی جێبەجێ کردنەوە بێت یاخود لە ڕووی هەستکردنەوە بێت ، بەڵام دەبێتە هۆی باشتر کردنی لێهاتووی لە بڕیارداندا ، فێربوونی زمان یەکێکە لە ڕاهێنانە گەورەکان کە بۆ بەهێز بوونی مێشک بە کاردێت ، مێشکیی ئەو کەسانەی دوو زمان یاخود زیاتر لە زمانێک دەزانن جیاواز کاردەکات خێراتر و فراوانترە ، هەروەها فێربوونی زمانی نوێ یادگا بەهێزتر دەکات ، هەروەها دەبێتە هۆی گەورەبوون و کشانی قەبارەی چەند بەشێکی مێشک ، وەک پەردەی دەماغ و ئەو بەشەی مێشک کە شێوەی ئەسپی دەریای هەیە. پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکانی مێشک لەگەڵ یەکتری خێراتر دەکات ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئاستی(زیرەکی هۆشیاری )سەرەڕای ئەوەی ئەو مێشکانەی زیاتر لە زمانێک لە خۆ دەگرن ، بە تێپەڕ بوونی کات تۆڕێکی دەماری بەهێزتریان بنیادناوە ، هەروەها ئەو قوتابیانەی زیاتر لە زمانێک دەزانن توانای کارکردنی مێشکیان زیاترە و خاوەنی فەرهەنگێکی مێشکی دەوڵەمەندترن ئەمەش وا دەکات کەمتر توشی ترس و دڵە ڕاوکیەبن لە ئەرک و وانەکانیان.